# ڕۆژتان باش

# کۆردۆلۆجی یان کوردناسی

د.سعید محمد عبدالله

- کوردناسی یان کۆردۆلۆجی : زانستێکی ئەوروپیە بە فەڕەنسی ( Kurdolgie )
- بە ئینگلیزی ( Kurdolgy )
- ئەو زانستەیە کە لەلایەنێك لەلایەنەکانی میللەتی کورد دەکۆڵێتەوە وەك ( زمان – ئەدەب – مێژوو – جوگرافیا – فۆلکلۆرو کەلەپور – کەسێتی مرۆڤی کورد – ڕۆژنامەگەری )

# کوردناسی لای ئەوروپیەکان

زاناو مێژوو نووسە ئەوروپیەکان یەکەم کەس بوون بایەخیان بە کورد داوە لەسەر کوردستانیان نووسیوە کتێبی شەرەفنامە لەلایەن شەرەفخانی بەدلیسیەوە نووسراوە لە ساڵی 1596 زاینی ، هەر ئەوروپیەکان بوون بۆیەکەم جار لە ڕووسیا و فەرەنسا ساڵی 1826 زاینی بایەخی دەستنووسەکەیان ڕوونکردەوە پاشان لەکتێبێکی سەربەخۆدا بە چاپیان گەیاند ، بوو بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کورد .

# ئامانجەکانی کوردناسی

- کۆکردنەوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بە زمانی کوردی و زمانی بێگانە لەسەرکورد نووسراون لە مەڵبەندە ڕۆشنبیریەکاندا بپارێزرێن و لە چاپ بدرێت .
- دروست کردنی لیژنەی تایبەت بە بابەتەکانی کوردناسی بە پێی پسپۆڕی لە هەموو کوردستاندا .
- دەرئە نجامی هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە بواری کورد ناسی دا ئە نجام دراون بخرێتە بواری پرۆگرامی خوێندنی کوردی .
- خستنەڕووی تێکڕای ئەو کاری گەریانەی کە کورد لەسەر نەتەوەکانی تری دراوسی بەجێی هێشتووە یاخوت لەوانی وەرگرتووە .
- دۆزینەوە و ساغکردنەوەی هەموو ئەو بەرهەمانەی کە پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە .
- تۆمار کردنی هەموو ئەو تۆژینەوە و هەڵسەنگاندن و زانیاریانەی کە هێنراونەتە بەرهەم ببنە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ کورد و بێگانە .

# زارو شێوە زارەكانی زمانی كوردی

- زمانی كوردی لە چوار زاری سەرەكی پێك دێت كە هەر زارێكیان بەپێی شوێنی جوگرافی ، چەند شێوەیەكی لێ جیا دەبێتەوە وەك :
- تر– زاری كرمانجی ژووروو : شێوە زارەكانی ئەمانەن ( بادینانی – جەزیری – بۆتان – بایەزیدی – شەمزینانی ) .
- □– زاری كرمانجی ناوەڕاست : شێوە زارەكانی ئەمانەن ( سلێمانی – موكریانی – گەرمیانی – سۆرانی – سنەیی – ئەردەڵانی ) .
- □– زاری كرمانجی خواروو : شێوە زارەكانی ئەمانەن ( لوڕ – لەك – كەلهوڕ – بەختیاری – مامەسەنی ).
- □– زاری كرمانجی گۆران : شێوە زارەكانی ئەمانەن ( هەورامی – زازایی – باجەلانی ).

# هۆی زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی

- ێر– هۆکاری جوگرافی : سروشتی کوردستان بە جۆرێکە کە شاخ و دۆڵی زۆرەو سەختی و بیٚ ڕێگاو بانی ، خێڵ و هۆزە کوردەکانی لە یەکتر دابڕیوە و تێکەڵی لە نێوانیاندا کەم کردۆتەوە ، ئەمەش بووە بە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە ئاخاوتندا .
- – هۆکاری سیاسی : کوردستان یەکێتیەکی سیاسی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە کە هەموو ناوچەو هەرێمەکانی بگرێتەوە ، ئەمەش بووە بە هۆی کەلەپورێکی ئەدەبی هاوبەش و گشتی بۆ کورد نەڕەخسێ .

کەواتە زارەکانی زمانی کوردی بە زاری جوگرافیایی ( هەرێمی ) دادەنرێن ، چونکە بە هۆی هەلومەرجی جوگرافیی و سیاسیەوە دروست بوون .

# سوپاس بۆ ئامادەبوونتان